هەر چوار بەنداوەکەی سنووری ئیدارەی گەرمیان سەرڕێژ بوون

لەپرسراوی بەنداوەکانی گەرمیان ڕایگەیاندووە، بەهۆی بارانبارینی چەند ڕۆژی ڕابردوو هەر چوار بەنداوەکەی سنووری ئیدارەی گەرمیان سەرڕێژ بوون.

جەبار مەحمود، لەپرسراوی بەنداوەکانی گەرمیان لەبارەی کاریگەری بارانبارینی چەند ڕۆژی ڕابردوو لەسەر ناوچەکەیان ڕایگەیاند، بەهۆی بارانبارینی چەند ڕۆژی ڕابردوو هەر چوار بەنداوەکەی سنووری ئیدارەی گەرمیان سەرڕێژ بوون.

ئاماژەی بەوەشکردووە، بەنداوی باوە شاسوار سەرڕێژ بووە و بە بەرزی ١٤ سانتیمەتر لەسەر سەرڕێژبوونی ئاو دەڕوات.

وتیشی، بەنداوی خەرنەوازان کە هەشتا لە ٤%ـی ماوە تەواو بێت ئەویش سەرڕێژ بووە، نزیکەی ١٥٠ سانتیمەتر ئاو بەسەر سەرڕێژەکەیدا ڕۆشتووە.

دەشتەکەت، بەنداوی ئاوەسپی سەرڕێژ بووە و بە بەرزی سێ مەتر ئاو لەسەر سەرڕێژبوونییەوە ڕێشتووە.

ئەوەشی خستووەتەڕوو، بەنداوی تورەجار، سەرێژ بووە و سێ مەتر ئاو لەسەر سەرڕێژبوونییەوە ڕێشتووە.

جێگای ئاماژەیە، لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا شەپۆلێکی بارانبارینی بەهێز ڕووی لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کرد و بەهۆیەوە لە چەند ناوچەیەك لافاو درووستبوو لە ئەنجامدا لە چەمچەماڵ و کەلار سێ کەس گیانیان لەدەستدا و زیانێکی زۆری ئابووریش بە هاوڵاتییان گەشت.